Scandinavia Committe of komala party - Iranian kurdista

http://mskomala.blogfa.com

## بەرز و بەرێز بێت یادی کاک سەعید مۆعینی ناسراو کاک خانە

کاک سەعید مۆعینی یەکەمین پێشمەرگە و یەکەمین شەهیدی کۆمەڵەیە ، هەر بەم بونەوە رۆژی 31ی جۆزەردان لە لایان حیزبی کۆمەڵەوە بە ناوی رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە ناو نراوە .

کاک سەعید مۆعینی یەکەمین پێشمەرگە و یەکەمین شەهیدی کۆمەڵەیە کە لە ناو بنەماڵەکەیاندا بە خانە ناسرابوو،لە ساڵی 1951 (1330 هەتاوی)، لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە فێرگەی سەعدی و ناوەندیی لە خوێندنگەی محەمەدرەزاشا تەواوکردوە. ساڵی 1970 (1349 هەتاوی) دیپلۆمی لە ماتماتیکدا (ریاضی) وەرگرتووە. کاک خانە گەرما و گەرم درێژە بە خوێندن دەدات و لە تاقیگەی زانکۆی تاران لە بەشی (ئامار) دا سەرکەوتوانە وەردەگیرێت و خەریکی خوێندن دەبێت.

بەڵام لە ڕاستی دا ئەوەندەی کە ئەو ئەڤیندارانە دڵی بە خوێندن گەرم کردبوو، لە بارەگای مێشکیدا سەد ئەوەندە گرێدراوی خەباتێک بوو کە بکرێ و بتوانرێت دەستی ستەم لە سەر ژیانی هەژاران و زەحمەتکێشان کورت بکاتەوە.
کاک سەعید لە بنەماڵیەکی سیاسی و خەباتگێردا لە دایک بۆە، کێژوهەوای سیاسی و خەباتکارانی شاری مهاباد، بەربەرەکانی گەلی کورد لە دژی داگیرکرانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی رەشی حکۆمەتی حەمە رەزا شای پهلەوۆیدا هاندەری لاوی تازە پێگەیشتوەی کورد کاک سەعید مۆعینە بەرو سیاست و شۆرش بووە .

هەربۆیە، کاک خانە موعینی ئەگەرچی لە شاری تاران لە ماڵی براکەی دەژیا، بەڵام زۆر بەنهێنی دەگەڵ هاوڕێیان و هاوبیرانی خۆی لە خەباتێکی گەرم و گوڕدا بوو. زۆری پێنەچوو لە بەهاری ساڵی1353واتە 1973دا، لە پاڕکی خوێندکارانی زانکۆی تاران لە <u>کاتێکدا سەرقاڵی خۆێندنەوی نۆسراوەێکی نەهێنی کۆمەڵە بۆە</u> هێرشی کرایە سەر و لە لایەن کومیتەیەکی سەر بە ساواک، کە بە کومیتەی دژ بە خراپکاران ناو نرابوو، گیرا. هەر ئەو ڕۆژە هێنایانەوە ماڵی براکەی و ماڵیان پشکنین، تەنیا بەڵگەیەک کە ساواک دژی کاک خانە بەکاری هێنا ، ئەو نوسراوەی بوو کە کاک خانە لە پارکی خۆێندکاران زانکۆی تاران بەدەستیەوە گیرابوو، بەڵام تەنها وڵامی کاک خانە بۆ مەئمورانی ساواک ئەوە بوو کە ئەو نۆسراوەیە هەر لە سەر سەندەڵی پارکەکەدا دیویەتەوە و خۆێندیەتەوە ، ساواک بۆ پەیداکردنی پێوەندیەکانی و رازونەهێنیەکان کاک خانەیان بە ماوەی 8 مانگان بێ سەروشوێن بردیان و بەبێ هەواڵ هێشتیانەوە. بە دوا داچوونی بنەماڵە و گەڕان بە شوێن خانەدا، هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتەوە و نەیانتوانی لە مان و نەمانی دڵنیابن. ئاخرسەر یەکێک لە ناسیاوانی بنەماڵەکەیان بەناوی دوکتور مستەفا ئەعلەم، کە پسپۆڕێکی بەشی دڵ بوو لە پلەی سەرهەنگییدا، بە هۆی یەکێک لە نەخۆشەکانی کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی پۆلیس دەبێت، شوێنی بەند و زیندانەکەی کاک خانە پێدەگاتەوە. کە دوایی دەرکەوت ئەم پێڕاگەیاندنە خۆی چەشنە داو و تەڵەیەک دەبێت کە بەنیازی دۆزینەوەی یارانی سیاسیی کاک خانە لە سەر ڕێی بنەماڵەکەیدا دادەندرێتەوە. کاتێک کاک خانە دێنن بو لای دایک و خوشکی بە دارە مەیت هەلیدەگرن چونکو خۆی نەیتوانیوە بە پێی خۆی بیت بۆ دیداری دایکی، کاک خانە لە ژێر ئەشکەنجە و لێدان دەتوانێ سەر بلیندانە خۆ بپارێزێت بەڵام ساواک ناتوانێ نە لە زمانی کاک خانە و نە لە ڕێی هاتوچۆی بنەماڵەکەیدا هەودا موویەک بدۆزنەوە. هەربۆیە ماوەی سێ ساڵ و نیو لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەیکە هیچ جۆرە نهێنییەک بدرکێنێت. ئاخرسەر لە پۆشپەری 1356 هەتاوی واتە 1977زاینی بەبێ ئەوەیکە تاوانێک وە ئەستۆ بگرێت، وەک کەسێکی بێتاوان لە ڕوانگەی ساواکەوە لە زیندان ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد.

دوای ماوەیەک دەست دەکاتەوە بە خوێندن لە زانکۆی تاران، لە بەشی ئامار دا پلەی لیسانس وەردەگرێت و دیسان دەگەڕێتەوە شاری ماهاباد. گەڕانەوەی کاک خانە بۆ مەهاباد، بە پی بەرنامەیەکی تەواو تازەتر دەبێت کە کاک خانە بۆ دیتنی دەورەیەکی عەمەلی لە کاری خەبات و پێشمەرگایەتی،لە سەرەتای مانگی مای 1978دا ڕەوانەی ناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان دەکرێت و دەبێتە هاوسەنگەری دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. <u>کاک خانە لەنێو ئەو پێشمەرگانەدا بە مامۆستا قادر</u> دەناسرێت.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشمەرگەکان هەر زوو چاوو دڵیان بە مامۆستا قادر دەکرێتەوە و لە ئەندازەبەدەر خۆشیان دەوێت و خۆیان بە بەختەوەر دەزانن کە کەسێکی ڕوناکبیر و تێکۆشەری وەکو ئەو بوەتە هاوسەنگەریان. دواتریش کە بۆیان دەردەکەوێت کە کاک خانە لە بنەماڵەی موعینی شاری مەهابادە و برای شەهیدان سلەیمان و عەبدوڵلای موعینییە سەد ئەوەندەی تر ڕێز و خۆشەویستیی لایان زیاد دەکات. کاک خانە بەردەوام باسی خۆڕاگریی و قارەمانی لاوە تێکۆشەرەکانی نێو زیندانەکانی ڕژێمی شا بۆ پێشمەرگەکان دەگێڕێتەوە و باسی ئەزمونی چەکدارانەی سالەکانی 1346 و 1347 هەتاوی و تیکۆشانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێران لە سیاهکل و شوێنەکانی دیکەی ئێرانیان بۆ دەکات. ئەو کات ئەحمەد فەتحوڵلا فەرماندەی ئەو دەستە پێشمەرگەیە دەبێت. ئەحمەد فەتحوڵلا پێشمەرگەیەکی گەنج و کارامە و لێهاتوو بوو. ئەو کە دەیزانی هەردەم ترسی هێرشی لە ناکاوی هێزەکانی ڕژێمی بەعسیان لە سەرە، زۆر بۆ کاک خانە بەپەرۆش بوو. بەردەوام لەگەڵ ڕابەر و سەرکردەکانی ی. ن. ک. دا لە نامەنوسین و وتوێژدا بوو کە جێ و ڕێیەکی ئارامتر و لەبارتر بۆ خانە دیاریی بکەن و چیدیکە وەک هەر پێشمەرگەیەکی ئاسایی لەو گشت هاتوچۆ و نارەحەتییەدا نەبێت. ئەحمەد فەتحوڵلا زۆر جار لای پێشمەرگەکان گوتبوی: من دەزانم مانەوەی مامۆستا قادر لای ئێمە ، چ هێز و تین و پشتیوانییەکە بۆ ئێمە ! بەڵام من لەوە نیگەرانم کە ئەم کەسە ڕوناکبیر و تێکۆشەرە پاش ساڵیانێک زیندان و ئەشکەنجە لە پەنا بەردێکدا شەهید ببێت و لەدەستبچێت. جیا لەوە ئەم دو برای قارەمانی چەند ساڵ لەمەوپێش شەهید بوون، داخێکی گەورە دەبێت و سوێیەکی دیکە بکەوێتەوە برینی ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە.

بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە 1978/6/21، بەر لەوەی گزنگ بدات لە کاک خانە ، لەگەڵ حەڤدە (17) پێشمەرگەدا بۆ ئەنجامدانی کارێک دەچنە گوندی (دری) لای ماوەت و لە نزیک کانی و بیشۆیەک نان دەخۆن و پشو دەدەن. کاتێک خۆر هەڵدێت پێشمەرگەکان هەست بە جموجوڵی سەربازەکانی ڕژێمی بەعس دەکەن. دەمودەست خۆ کۆدەکەنەوە و هەوڵدەدەن هەرچۆنێک بێت خۆ دەرباز بکەن و نەکەونە شەڕێکی نابەرابەرەوە. بەڵام ڕژێم بە هێزێکی گەورەی پڕ چەکەوە چواردەوریان دەگرێت و لە چەندین لاوە هێرش دەکاتە سەریان. ئەحمەد فەتحوڵلا کە زۆر شارەزای دەوروبەرەکە دەبێت زوو بە پێشمەرگەکان ڕادەگەیەنێت کام ڕێگا بۆ خۆ دەربازکردن لەبارترە. ئیدی پێشمەرگەکان بەدەم هەوڵدان بۆ شکاندنی ئابلۆقەکەی دوژمن و خۆ دەربازکردنەوە شەڕێکی سەخت و قارەمانانە دەکەن، کە نزیکەی شەش سەعات دەخایەنێت. لە ئەنجامدا (شەش) پێشمەرگە شەهید دەبن و (چوار) پێشمەرگەیش بەدیلی دەگیرێن و پێشمەرگەکانی دیکەش هەندێکیان خۆ دەربازدەکەن و ئەوانی دیکەش لەپەناوپاسێردا خۆ حەشاردەدەن تا تاریک دادێت. کاک خانە و کاک ئەحمەد فەتحوڵلا دوان لە شەهیدەکانی ئەو داستانە قارەمانانەیە دەبن و دلی پڕ لە هومێدی کاک خانە ڕادەوەستێت ،دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە هێزەکەی دوژمن لە ترسی ئەوەیکە شەویان بەسەردا نەیەت و پێشمەرگەی ناوچەکانی دیکە بەهانای هاوڕێکانیانەوە نەیەن، بەپەلە پاشەکشە دەکەن و خەڵکی قارەمانی گوندی دری بەدڵی پڕلە قوڵپی گریانەوە دەچن تەرمی پێشمەرگەکان دەبەنەوە گوندەکە و بەڕێز و شکۆوە دەیان نێژن. تەرمی کاک خانە دەبەنە گوندی ماوەت و لەم گوندە دەنێژرێت .

ژیانی پڕلە شانازی کاک سەعید مۆعینی بۆ هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە مانای خۆشەویستیە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، بە مانای لێبۆردوئی، بەدەربەست بوون و خۆڕاگریە لە بەرامبەر دوژمنانی گەلی کورددا .

ئێمە یادوبیرەوەری کاک سەعید مۆعینی ( خـــانە ) دیکەینە هێزوتوانا بۆ نەمانی ستەمی نەتەوایەتی ، فەقیری و هەژاری لە کۆمەڵگای کوردستاندا .

یادی کاک خانە و هەمو گیانبەختکردوانی ڕێگەی ئازادی و سەربەستی پیرۆز بێت.

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران .. کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤـــی
Tel+fax : 0046 31 330 80 48 e .mail : kmsk2004@hotmail.com
Adress : Box 101 post nr 424 23 Göteborg SWEDEN

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com